# درۆئەکەن ,شێخ زاناو تاقمەکەی ئیسلام بوون

عبدالله مەحمود
abdulla.mahmud@gmail.com
2006-9-29

بە پێی راپۆرتێك کە "هەولێر پۆست" لەلاپەرە 5 ی ژمارە 84 رۆژی 2006/9/24 لەپەیوەند بە لەسێدارەدانی شیخ زاناو گروپەکەی بڵاوی کردۆتەوە، بە پێی قسەی یەکێك لە مەلاکانی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف حکومەتی هەرێمی کوردستان، شێخ زاناو تاقمەکەی لەبەر دڕندەییان نەك هەر نەیاتوانیوە تەڵقین لەدوای مەلا بڵێنەوە بەڵکە زوربەیان نەیانتوانیوە ناوی خوا!!ش بهێنن.

ئەم درۆشاخدارەی مەلا، کە دەیەوێت لەم رێگایەوە فریوکاری و ریاکاریەکی ئاشکرا دەرخواردی خەڵکی کوردستان و رای گشتی بدات،و ئیسلام بەنامۆ لەکردەوەی تاقمەکەی شێخ زاناو باقی رەوتە ئیسلامیە تیرۆریستەکان لەقەڵەم بدات، جگە لەخۆی و هاوپیشەکانی و دەسەڵاتی گەندەڵ بەدەست کەوەکو گۆشتی زیادەی لامل بونەتە بار بەسەر داهات و پاروی برسیەکانی کۆمەڵگای کوردستان، کەسی تر رازی ناکات.
دینی ئیسلام، کە مانفێستەکی قورعان و حدیسەکانی پەیامبەری ئیسلامە، کە فتوادەرانی مەرجەع و مەلاکانن، کە پیرۆی سیاسیان و پراکتیکیان گروپ و رەوتە ئیسلامیەکانن، کە بارەگا سەرەکی وناسراوو باوەکانیان مزگەوت و تەکیە و خانەقاکانن، کەسەرچاوەی داهات و پارەوپولیان، تیرۆری ئابوری کۆمەڵگایە.شێخ زاناو تاقمەکەی لەناو ئەو هەلومەرجەدا هاتوونەتە دەرەوە.

دیارە تیرۆری ئیسلامیەکان،لەوانەش کردەوەکانی باندەکەی شێخ زانا ئەوکاتە دەست پێناکات، کە تەقینەوەیەك ئەبیستین، کە لاشەی پارچەپارچە کراو ئەبینین، کە داروخانی کتێبخانەو سالۆنەکانی سینەماو شوێنەکانی گەشتوگوزار، شوێنەکانی مەیفرۆشی و میترۆکان و کۆشکەکانی ناوەندی بازرگانی و سەفارەتخانەو کونسۆلی.....دەبینین، وە ئەوکاتەدەست پێناکات کە سەیارەی بۆمبرێژکراو ئەتەقێتەوە، کە تیرۆری رۆناکبیران و شاعیران، گۆرانی بێژو، مخالیفە سیاسیەکانی ئیسلام ئەبینین، کەتێزاب بارانکردنی ژنان ئەبینین، کە حجاب و سەنگسار قۆڵبرین و ملپەراندن ئەبینین،...نا، بەرلەوە ئایدۆلۆژیاکەی ئەبینین، بەرلەوە تێکەڵاوی ئەوئایدۆلۆژیایە لەدەسەڵات، لەحکومەت و دەوڵەتدا، لە پەروەردەو فێرکردن و یاساکاندا ئەبینین، کە لەدەیان بڵندگۆی جۆراوجۆرو لە دەیان بنکەی بارهێنان، و لەناوخەرمانەیەك لەپارەی بۆ هەڵرژاو، لەهەلومەرجی نەخوازراوی ئابوری وپشتیوانی دەسەڵاتدا.......یدا تەوجیە دەکرێن.

بەر لەتەقینەوەکان و هەواڵە تەکاندەرەکان، تەوجیهی کردوەکە قێزەونترە، بائەمە سادەتر بکەمەوە،
بەرلەوەی سەیارەی پارچەپارچەبووی تێکەڵاو لەلاشەی ئینسان رامان چڵەکێنێ، بەئاشکرا فتوای مەلاو ئاخوندەکان، مەرجەعە ئیسلامیەکان بە بەر چاوی دەسەڵاتەوە، فتوای کوشتنی کەسانی پێشکەوتنخوازو رادیکاڵ و مەدەنی ئەدەن، بەرلەوەی بۆنکرۆزی داروەرەخت و گوڵی سوتاوی سەیرانگاکان هەراسانمان بکات و ببێتە هەواڵ، بانگەواز و پەیامی ئیسلام لەدژی سەیران و گەشتو گوزارو مەینۆشین، راگەیەنراوە،...
دڕندایەتیەك و تەوجیهی تیرۆرێك کە رۆژانە ئیسلام ئەیکات، سەدئەوەندەی بارتەقای تیرۆرەکانە، تیرۆرەکان لە فتواکان کەمترن، تیرۆرەکان لە تەوجیهی تیرۆر کەمترن، تیرۆرەکان لە پەیامی تیرۆرەکان کەمترن، هەموشیان سەرچاوەکەیان دینی ئیسلامە. موریدەکانی ئیسلام ئەوئەرکە دینیانە بەجێ ئەهێنن کە ئیسلام تەوجیهی کردووە...تاد.

پارەو پۆلێك کەتەرخانی مزگەوت و تەکیەو خانەقاکان، تەرخانی مەلاو کارمەندانی وردودرشتی تر ئیسلامی، تەرخانی مەرقەد و شیخ و مشایەخەکان، تەرخانی دوبارە بەرهەمهێنانەوەی رەمزەکانی ئیسلام، تەرخانی بۆنەو یادە دینیەکان، کەسایەتیەکانیان، بەراستی تیرۆری ئابوری و لوشدانی پاروەنانی برسیەکانی کۆمەڵگاو تیرۆری بۆنەو یادە ئینسانی و پێشکەوتنخوازو ئینسانیەکانە کە ئیسلام جێبەجێکەریەتی. وە قوربانیانی سەد بەرابەری کارە تیرۆرستیەکانی تاقمەکەی شێخ زانایەو شێخ زاناناش بەپێی هەمان مەنتیقی ئیسلام ئەوەندەی بۆی کراوە، ئەم کارانەی ئەنجامداوە.

بڵاوکردنەوەی ختابە فتوائامێزەکانی مەلاکان و تاقمە ئیسلامیەکان لەسەر سیدیەکان، رێگەدان بە بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبانەی بەئاشکرا هانی فتوا وکوشتار ئەدەن، کردنەوەی بارەگا بۆ ئیسلامیەکان، رێگەدان بە کردنەوەی کەناڵی تەلەفزیۆنی و رادیۆیی و......... راگەیاندنی جەنگی

دژی ئینسانیەت و ئازادیخوازی نەبێت، چی تری ناو لێئەنرێت کە ئیسلامیەکان ئەیکەن و بەپێیەش کە ئیسلامین دەسەڵاتی کوردی لەگوڵ کاڵتریان پێنالێت.
ئەمانە هەموو ژینگەی تیرۆرن، تەوجیهی تیرۆرن، وەبەر لەتیرۆری ناسراو باو، تیرۆری راستەقینەی کۆمەڵگان، و پەیامی ئیسلامن بۆ کۆمەڵگا.
لەدڵی ئەم تیرۆرەی کۆمەڵگادا، تیرۆرەکانی باندە ئیسلامیەکان مانای پەیداکردووە .
وە ئەم فرسەتە کەدەسەلات رەخساندویەتی بۆ دەستەو تاقمی خواناسی ئیسلام و ئیسلامی سیاسی، بنەماو ژینگەی تیرۆرە، شیخ زاناکانی کوردستان بەرهەمی ئەوواقعیەتەن.

بۆیە مەلا کەدەڵێت شێخ زاناو تاقمەکەی لەبەر دڕندایەتیان نەیان توانیوە تەڵقین بڵێنەوەو ناوی خودا بهێنن، دەیەوێت پێمان بڵێ ئیسلام بەدوورە لەم رەفتارانە، لەکاتیکدا هەموو کردەوە ئیرهابیەکانی ئێستای ئیسلامیەکان بە شایەتمان هێنان دەست پێدەکات، تا کلیلی بەهەشت!! مسۆگەر بکەن. خۆتەقاندنەوە بەدوای گەردن ئازایەوە، ئاگر وغەزەبی خودا دادەبارێنێت. چەندەش خواناسانی ئیسلام شۆربووبنەوە بەناو خواپەرستیداو بووبنە دەرویش و زیکرکەری ڕێگای ئیسلام و خودا، هێندەش زیاتر بونەتە قارەمانانی فرقەی شوشەخۆرو گلۆپ خۆرو لەکوشتارو داهێنانەکانی کوشتن و قەسابیشدا، زیاتر دەنگی ئەللەو ئەکبەرو لاالله الەالله یان بەرزتر بۆتەوە.

لەناو جەرگەی ئەو تیرۆریزمەدا کە پانتایەکی بەرینی دنیای داگیرکردووەوئارامی وئاسایشی لەخەڵك هەڵگرتووە، و هەرۆژە بە داهێنانێکی نوێی کوشتاری ئینسانەوە خۆی دەردەخات، و لەنێویشیاندا عێراق ساحەیەکی بەرچاوی نمایشی دەستی تیرۆریزمی ئیسلامییە. ئیسلامیەکان نایشارنەوەو بەئاشکرا لەژێرناوی ئیسلامی خۆیانەوە بەرپرسیاریتی هەموو کردەخۆکوژیەکان و تەقاندنەوەکانیش دەگرنەئەستۆو بەشانازیشەوە ڕای ئەگەیەنن.

وەنزیك بە سێ دەهەیە ڕەفتاری خۆتەقاندنەوەو خەڵك تەقاندنەوە بۆتە نەریتێکی ئاشکراو تایبەتمەندیەکی دەستەو تاقمی ئیسلامی و ئیسلام.
مەلای وەزارەتی ئەوقافیش دەزانێت بێئەوەی کەس ناوی لایەنی کردەوەیەکی خۆکوژی ببیستێت لەهەر ڕوداوێکی ئیرهابیدا خەڵك دەزانێت کە ئەمە کاری ئیسلامیەکانە، بۆیە مەلا ناڕاستی فەرمووە کە دەڵێت شێخ زاناو دەستەکەی ئیسلام نەبوون.
بۆیە مەلا بەو درۆشاخدارەی کەتاقمەکەی شێخ زانا نەیانتوانیوە ناوی خودا بهێنن، دەیەوێت هەم موچەکەیان نەبڕێت هەم کوشتاری بێدادگاو بێ لێپرسینەوەو سەرنگومکردن ومردنی ژێرشکنجەی زیندانە نهێنییەکانی قەڵاچوالان و ئاکرێ، پەردەپۆش بکات.ئەگەر نا هیچ لەوە ڕۆشنتر نیە کە شێخ زاناو تاقمەکەی پراوپڕ ئیسلام بوون و ڕەفتاری ئیسلامیان ئەنجامداوە.